جێگای مەسەلەی کورد لە ڕەشنوسی دەستوردا

# ئەم ڕەشنوسە جاڕنامەی ئینکاری کردنە لە خواستە سەرەکیو بنەڕەتیەکانی خەڵکی کوردستان

## گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد

## سازدانی: خەسرەو سایە

**خەسرەو سایە: تائیستا ئیوە لەبارەی دەستورەوە قسەوباسیکی زۆرتان لەنیو بلاوکراوە ودەزگاکانی راگەیاندنی حیزبدا بلاوکردۆتەوە، بەلام پیدەچیت کەمتر لەسەر جیگای مەسەلەی کورد و داهاتووی خەلکی کوردستان لەم رەشنوسەدا قسەتان کردبیت، هەربۆیە لەگفتوگۆی ئەمجارەدا دەمانەوی زیاتر ئەم لایەنە بگرینەبەر.. لەمبارەشەوە بەم پرسیارە دەستپیدەکەین:**

**بیگومان ئاگاداری پروپاگەندە و شیوە دەربرینەکانی سەرانی یەکیتی وپارتی هەن سەبارەت بەرەشنوسی دەستور و هەموویان لەناوەرۆکدا ئەم دەستورە بەدەستکەوت دەناسین و دەلین بەشیکی زۆر لە"خواستەکانی" کوردی تیا جیگیربووە.. ئیوە بەگشتی ولەروانگەی مەسەلەی کوردەوە ئەم رەشنوسە چۆن دەبینن وتاچەند ئەم قسانە بەهەند وەردەگرن؟**

ریبوار ئەحمەد: با لە پیشدا جاریکی تر ئەوە دوپات بکەمەوە کە جیاواز لە ناوەرۆکی فاشیستیو کۆنەپەرستانەی ئەو رەشنوسەی خراوەتەروو، هەر لە بنەرەتەوە ئەو سیناریۆیەی کە بە ناوی دارشتنی دەستوری تازەوە هینراوەتە گۆریو دەیەوێ دارشتنی دەستور بکاتە مەسەلەی ئەصلی ئیستای کۆمەلگای عیراق، پوچو فریوکارانەیە. مەسەلەو گرفتی ئەصلی ئیستای عیراق دەستور نیەو هەلومەرجی ئیستاش بە هیچ جۆریك هەلومەرجی دارشتنی دەستوریك نیە کە ئیرادەی خەلك دەخالەتی تیایدا هەبیتو وەلام بە خواستو ویستەکانی خەلك بداتەوە. کۆمەلگای عیراق نوقمی تیرۆریزمو شەرو نا ئەمنیو داگیرکاریە، شیرازەی ژیانی مەدەنی لەبەر یەك هەلوەشاوە، خەلك لە سەرەتاییترین ئازادیە سیاسیو مەدەنیەکان بەهرەمەند نین. ئەمانە لە پیش هەموو شتیکدا گیروگرفتی کۆمەلگای عیراقنو دەبێ ئەمانە وەلام وەربگرنەوە. ئەمریکا نەخشەی داگیرکارانەی خۆییو هیزە قەومیو دینیەکانیش بینەوبردەی نیوان خۆیان لەسەر دابەشکردنی دەسەلاتو داهاتی وولات بەریوەدەبەنو سیناریۆی دەستوریان کردوە بە قالبیك بۆ بردنەپیشی ئەم نەخشەو بینەوبردەیە.

لە بارەی رەشنوسی دەستورو خواستەکانی خەلکی کوردستانەوە، یەکیتیو پارتی 14 سالە یاری بە چارەنوسی خەلك دەکەن، کارەسات بەسەر خەلکی کوردستان دەهینن،ساتو سەودا بە مافو چارەنوسی ئەم خەلکەوە دەکەن، بە پرۆژە کۆنەپەرستانەکانی خۆیان ریگا لە چونەپیشەوەی خەباتو هەولی خەلك دەگرن بۆ چارەسەری کیشەکانو بەدەستهینانی خواستەکانیان. بەلام لەم 14 سالەدا چواردە هەزارجار هەراوهوریایان بۆ بەدیهاتنی خواستەکانی خەلکی کوردستان بەرپاکردوە، کەچی هەمیشەش دوای هەموو هەراوهوریایەك بە کردەوە روون دەبیتەوە کە خەلکی کوردستانیان لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان دورخستوەتەوەو بەرەودواوە پالیان پیوەناوە.

ئەم رەشنوسە کۆنەپەرستانەو فاشیانەیە، کە بەراستی لە ناوەرۆکدا هیچ جیاوازیەکی لەگەل دەستوری بەعس نیە، نەك هەر هیچ یەك لە خواستە ئازادیخوازانەکانی خەلکی کوردستانی دەستەبەر نەکردوە، بەلکو سەرتاپا دژی ئەو خواستانەیە. بەلام کیشەکە لەوەدایە کە یەکیتیو پارتی خواستی خۆیان بە خواستی خەلكو بەرژەوەندی خۆیان بە بەرژەوەندی خەلك لەقەلەم دەدەن. لە کاتیکدا ئەم 14 سالە زۆر بەرۆشنیو بەکردەوە تەجروبە کرا کە ئەم دوو خواستو دوو بەرژەوەندیە ناکوکی قولیان لەگەل یەك هەیە. ئەوەی بۆ ئەوان هاتنەدی خەونەکان بوو بۆ خەلك کارەسات بوو، ئەوەی بۆ ئەوان مایەی دەسەلاتو نوقم بوون لە سەروەتو سامان بوو، بۆ خەلك مایەی بی ئیرادەییو نقوم بوون لە هەژاری بوو. راپەرینی خەلکی رانیەو کەلارو نارەزایەتی فراوانی خویندکارانو کاسبکاران بەلگەی ئاشکرای ئەم ناکۆکیەیە.

خەلکی کوردستان سالەهایە بەدەست دەستورو نەریتی چەپەلی ئیسلامیەوە دەنالینن، بەعس بە شەریعەتی ئیسلامیو بە ئالای قورئان خەلکی کوردستانی ئەنفال کرد، بە ئەحکامی ئیسلامی شۆفینیزمی عەرەبی زالکرد، بە ئەحکامی ئیسلامی سەری ژنانی پەراند، ئارەزوە پیشکەوتوانەکانی لاوانی سەربری، کۆمەلگای پاشەوپاش گیرایەوە. ئەم رەشنوسە لەم بارەیەوە جیاوازی لەگەل ئەوەی بەعس ئەوەیە کە ئەحکامی ئیسلامی تیایدا زەقترە. ئەگەر ئەو راستیە بسەلمینین کە خواستەکانی خەلکی کوردستان شتیکی جیاوازە لە دەسەلاتو بەشو کۆیخایەتی یەکیتیو پارتی، ئەوکات ئەم رەشنوسە تا سەرمۆخ دژی خواستەکانی خەلکی کوردستانە.

خەلکی کوردستان دەیان سالە بە دەست ئیلحاقی ئیجباریەوە زەجر دەکیشن، ئەم دەستورە دور لە ئیرادەی خۆیان جاریکی تر زنجیری ئیلحاقی ئیجباری لە دەستو پیان توند دەکاتەوە. خەلکی کوردستان دەیان سالە باجی دابەشکردنی هاولاتیانو مافەکانیان لەسەر بناغەی قەومی دەدەنەوە، ئەم دەستورە لە هەمیشە زیاتر ئەم مۆری قەومیەتو تەفرەقەی قەومیو دەستەبەندی کردنی قەومیە دەدات لە نیوچەوانی هاولاتیان. ئەم دەستورە ئیسلامیە،

کۆنەپەرستانەیە، قەومیو فاشیانەیە، بۆیە لەگەل خواستو ویستی ئازادیخوازانەو پیشکەوتوانەی خەلکی کوردستاندا نایاتەوە. شایستەی ئەم خەلکە نیـە، ئەم رەشنوسە زۆر راشکاوانە جارنامەی ئینکاری کردنە لە خواستە سەرەکیو بنەرەتیەکانی خـەلکی کوردسـتان، ئەمـە بنـەمای سـەرکوتی داهـاتوی ئـەم خەلکەیە.

**خەسرەو سایە: بەلام ریبوار ئەحمەد لەدەستوردا بەرۆشنی، جۆریك لەدەسەلاتی خۆجیی دانی پیدانراوە. بەتایەتیش "مافی بریـاردانی چـارەی خۆنوسین" لەدیباجەی رەشنوسەکەدا هاتووە، ئایا ئەمە جیگایەکی گونجـاو تـر بەمەسـەلەی کـورد نـادات و نـاکری وەك شـیوە دەولـەتیك، وەیـا هەنگاویك لەراستای سەربەخۆییدا سەیربکری؟**

ریبوار ئەحمەد: لە پیشدا ریگابدەن با ئەوە روون کەمەوە کە سەربەخۆیی خۆی لە خۆیدا ناتوانی قیبلە نۆمایەك بیت بـۆ مـافو ئامانجـەکانی خـەلکی کوردستان بە مانای ئازادیو رزگاری لە ستەمو سەرکوت، بەلکو بە دیاریکراوی لەمرۆدا ریگاچارەیەکی گونجاوو عەمەلیە بـۆ چارەسـەری کیشـەی کـوردو خواستەکانی خەلکی کوردستان بە چەندین بەلگەی دیاریکراو کە پیشتر ئیمە باسمـان کـردوە. بۆیـە ئـەم ریگاچـارەیە بـە دیـاریکراوی لـەمرۆدا گونجـاوەو ئیستاش لە هەمووکات زەمینەی بۆ لەبارترە. بۆیە پیویستی بەوە نیە ئیستا هەنگاویکی بۆ هەلبگیریو لە ئاییندەیەکی نادیاریشدا گوایـە هـەنگاوی تـری بۆ هەلگیری. لە راستیدا من بە پیچەوانەوە دەبیینم بەو جۆرەی لەم رەشنوسەدا هاتووە، هەنگاویکی گەورە لە ریگای بەرگرتن لە سـەربەخۆیی کوردسـتان هەلگیراوە، تەنها هەنگاویکە بۆ دواوە. لایەنە ئیسلامیو ناسیونالیستە شوفینیستە عەرەبـەکان زۆر بـە مەبەسـتەوە دەیانـەوێ ئـەمرۆ بـاز بەسـەر ئـەم مەسەلەیەدا بدەن تا زەمینە لەبارەکانی ئەم مەسەلەیە لە باردەچیتو هەلومەرجیك دەخولقی کە بتوانن بـە ئـاگرو ئاسـن ئـەم خواسـتو باسـە سـەرکوت بکەن، لایەنە ناسیونالیستە کوردەکانیش ئەم راستیە چاك دەزاننو مسعود بارزانی راشکاوانە دانی پیدا نا، بەلام لەلایەك دەیانـەوێ ئـەم خواسـتە هـەراج بکەن بۆ مەرامەکانی خۆیان لەلایەکی دیکەشەوە بە زەختی ئەمریکا ناچاربوون کە مل بدەن. ئەگینا هەلومەرج ئەمرۆ بۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان لـەبارە نەك هیچ کاتیکی تر. هەرکەسو هیزو لایەنیك بیەوێ هەنگاو لەم ریگایەدا هەلگریت، ئەمرۆ هەلیدەگرێ نەك دوایخات بۆ کاتیکی نادیار.

باسی دەسەلاتی خۆجییتان کرد، بەلام دەسەلاتی خۆ جیێ ئەحزابی مشەخورو تالانچیو عەشیرەتی بزووتنەوەی کوردایەتی چ دەسکەوتیکی بۆ خەلکی کوردستان تیایە؟ مەگەر 14 سالی رابردوو خەلکی کوردستان لە سایەی ئەم دەسەلاتە خۆجیێیەدا جگـە لـە بیـدەرەتانیو هـەژاریو بێمـافیو ئـاوارەییو کۆنەپەرستی چی تریان دەسکەوت. بەلام جیاواز لەمە ئەوەی کە باسی دەکەن مەسـەلەیەکی تـازە نیـە هـەر لـە سـالی 1970ەوە جۆریـك لـە دەسـەلاتی خۆجیێ لە کوردستاندا هەبووە؟ بەم پیوانەیەش بیت ئەمە گەرانەوەیە بۆ 35 سال لەمەوبەر. بە بروای من ئەگەر سەرنج بـدەین دوای 14 سـال دابـراویو جیایی دیفاکتۆی کوردستان لە عیراق، ئیستا ئیلحـاق کردنـەوەی کوردسـتان بـە دەولـەتیکی ئیسـلامی- شۆفینیسـتی ناوەندیـەوە، بـە نـاوی پیکهێنـانی دەسەلاتی خۆجێی، پاشەکشەیەکی زۆر گەورەو فرۆشتنی دەسکەوتیکی گەورەیە بۆ مەرامیکی زۆر پوچ، نەك هەنگاویك بۆ پیشەوە.

بەلام مافی بریاردانی چارەنوسی، لەم رەشنوسەدا وەکو مەتەلیکی گالتەجارانە هاتوە تـا ئـەوەی کـە حوکمیـك بیـتو تـەعبیر لـە داننـان بـە مسـەلەو مافەکانی خەلکی کوردستاندا. ئەگەر مەبەست لەوە بوایە کە خەلکی کوردستانە مافی بریـاردان لەسـەر چارەنوسـی خۆیـان هەیـە، ئـەوە پیویسـتی بـەوە نەبوو لە دیباجەو لە ژیرلیوەوە بوتریت، بەلکو بە بەندیکی رۆشن دەنوسرا، بەلام ئەمـە قسـەیەکی پـوچو فروفیلـە، ئەمـە هەولیکـە بـۆ خۆلکردنـە چـاوی خەلك کە دەکری بـەپیێ پیویستی رۆژو هاوسـەنگی هیـز سـەدو یـەك لیکدانـەوەی بـۆ بکریـت. ئەمـە مـافو دەسـکەوت نیـە، بـەلکو رەوشـتیکی زۆر چەواشەکارانەیەو تەنها بۆ هیمن کردنەوەی خەلکی کوردستانو کپکردنەوەی ئەو نارەزایەتیە فراوانە هاتوە کە لە نیـو خـەلکی کوردسـتاندا هەیـە. ئەگـەر ئەوان باوەریان بەم مافە هەیە بۆ لیناگەرین هەر ئەمرۆ ریفرانـدۆم بکریـتو خـەلك ریگـای خـۆی هەلـبژیریت.بـۆ بـەزۆرو دور لـە دەورو دەخالـەتی خـەلك کوردستان بە عیراقەوە ئیلحاق دەکەن؟ لە پال پیداگری لەسەر ئەو حوکمە کە کوردستان بەشیکە لە عیراقو لیـی جیانابیتـەوە، لـە پـال تاوانبـار کردنـی مەیلی جیابونەوە بە تاوانو پارچە پارچەکردنی خاکی عیراق، ئیتر باسی مافی چارەنوس هیچ جیگایەکی بۆ نامێنیتەوە.

**خەسرەو سایە: لەبارەی دەستکەوتەکانەوە دەلێن چی، ئایا دانان بە وەی زمانی کوردی یەکیکە لـە زمانـە رەسمییـەکانی ولات، وەیـا ئـەوەی لەبەندەکانی 2،1، 3 لەبارەی هاوبەشیتی کوردوعەرەب لەدەولەتدا، هەروەها مەسەلەی صلاحیەتەکانی "ئیقلیمی کوردستان" ومانەوەی پیشمەرگەو دابەشکردنی سامان و خودی ئەوەی عیراق وەك" ولاتیکی ئیتحادی" ناسراوە.. هـەموو ئەمانـە ناکریت بەدەسـتکەوتی ئـەم دەورەیـە دابنـرین و جیگایەکی باشتر بۆمەسەلەی کورد بدەن؟**

ریبوار ئەحمەد: جاری با باسی "وولاتیکی ئیتحادیو مانەوەی پیشمەرگە" لەولاوە دابنێین دواتر قسەی لی دەکەین، ئەودوای ئەوانەی وەکو دەسـکەوت ناوتبردن هەر هەمووی لە دەورانی جۆراوجۆردا لەسەردەمی رژیمی بەعسیش بـە جۆریـك هـەبوون، بـەبێ ئـەوەی توانیبیتیـان بـەر بـە ئـەنفالو سـەرکوتو تەعریبو ملهوری بەعس بگرن. تەنانەت خویندنی زمانی کوردی تا ئەمسالانەی ئەخیر وەکـو دەرسـیك لـە قوتابخانـە عەرەبیـەکانو بـۆ خـەلکی عـەرەب زمانیش ئیجباری بوو. هاوبەشی کوردو عەرەب بە جۆرەها شیوە تعبیرکرابوو، هەریمی کوردستانو حکومـەتی هـەریم هـەر هـەبوو، تەنانـەت لـە دەورانـی جۆراوجۆردا پیشمەرگەش لەلایەن رژیمەوە دانی پیدا نراوەو مەعاشی لە حکومەت وەرگرتووە، خودی جەلال تالەبانی ئەمـە بـاش دەزانـێ. راسـتی هـەموو

ئەمانە دوپاتکردنەوەی مەنتقو چوارچیوەی بەعسە بۆ پیناسەکردنی مافەکانی خەلکی کوردستان، هەر دەلیی لەسەر مەبدەئی بەعسی ئەم رەشنوسە داریژراوەو جگە لە مەنتقی بەعس هیچ مەنتقیکی دیکە نیە بۆ دارشتنی مافەکانی خەلکی کوردستان.

لەبارەی مانەوەی پیشمەرگەوە، پیداگری یەکیتی وپارتی لەسەر ئەم مەسەلەیە پیش هەموو شتیك بەلگەی پیداگری ئەم دوو حیزبەیە لەسەر دریژەدجان بە دەسەلاتی میلیشیاییان، ئەوان بە پیچەوانەی هەموو پروپاگەندەکانیانەوە نایانەوێ ملبدەن بە دەسەلاتو قانونی مەدەنی، بەرژەوەندیو دەسەلاتی خۆیان لە گرەوی دریژەکیشانی حالەتی میلیشیایدا دەبیننەوە. ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی نان و سەرمایەگوزاری سیاسی رۆژیان لە دریژەکیشان بەباروۆدخی شەرو نائارامی و پشیویی کۆمەلگادا دەبیننەوە، پیداگریان لەسەر مانەوەی پیشمەرگە رووی لەم مەرامەی خۆیانە. بە تایبەت دوای ئەوەی خودی جەلال تالەبانی پیشمەرگەو هیزی تیرۆریستو تاوانکارو بەکریگیراوی "بەدر"ی لیکچواندو کەوتە ستایشی ئەو هیزە بەدناوو کۆنەپەرستە بۆ ئەوەی مانەوەی پیشمەرگە مسۆگەر بکات، مەرامی ئەوانو ماهیەتی پیشمەرگەش ئاشکراتر دەکات، کە نەك پەیوەندیان بەخواستی خەلکی کوردستانەوە نیە بەلکو راگرتنی کۆسپە لەبەردەم ئارامی و مەدەنی بوونی دەسەلات و ژیانی کۆمەلایەتی لە کوردستاندا. بەهەرحال پیم وانیە تازە ئیتر مانەوەی پیشمەرگە خۆراکیکی پروپاگەندەی سیاسی ئەوتۆبیت کە بکرێ وەکو دەسکەوت دەرخواردی خەلك بدریت. ئیستا لە ئاستی فراوانی خەلکی ئازادیخوازدا ئەو خۆشباوەریە نەماوە کە ئەمە بەخواستو بەرژەوەندی خەلك پەیوەست نیە، ئیستا پیشمەرگە بربرە پشتی دەسەلاتی میلیشیایی یەکیتیو پارتییە بۆ داسەپاندنی بەسەر خەلکدا. ئیتر پیشمەرگە ئەفسانە نیە، لانیکەم 14 سالە پیشمەرگە کە لایەکی داهاتی بە تالانبراوی کوردستانی بۆ تەرخان دەکریت، کارو دەوری بریتی بووە لە پیشلەشکری بۆ سوپای تورکیاو پاسداری جمهوری ئیسلامیو گاردی کۆماری بەعس لەگەل شەری ناوخۆو تیکدانی گوزەرانی خەلك. هیزی پیشمەرگە ئامرازی خۆداسەپاندنی یەکیتیو پارتیە نەك بەرگری لە خەلکی کوردستانو مافەکانیان.

بەلام مەسەلەی دەولەتی ئیتحادی جیاواز لە ناوەرۆکی کۆنەپەرستانەی، بەو جۆرەی لە رەشنوسەکەدا هاتووە بە هیچ جۆریك پەیوەست نەکراوەتەوە بە مەسەلەی کوردو خەلکی کوردستانەوە، نازانم بۆ دەبێ ئەمە وەکو دەسکەوتیکی ئەم خەلکە چاوی لی بکریت؟ هەر پاریزگایەك بە پێی ئەم رەشنوسە دەتوانێ هەریمیك بیت، هەر تاقمیك چەکدارو باندیك دەتوانن ناوچەیەك بۆ خۆیان دابرنو ناوی بنین هەریمی بصرە یان نەجەف یان سلیمانی یان هەولیرو پاشان خۆیان دابرن بەسەر سنگی خەلکەکەیدا. خودی کوردستان بەپێی ئەم رەشنوسە ئەتوانێ ببیتە بابەتی سی هەریمی سۆرانو بادینانو هەورامان، ئەمە پەیوەندی بە مافی چارەنوسو وەلامی کیشەی خەلکی کوردستانەوە نیە. یەکیتیو پارتی ئەمە وەکو خالیکی بەهیزو بەلگەی مسۆگەربوونی فیدرالیزمەکەی خۆیان بەرجەستە دەکەن، بەلام لە راستیدا کاتیك ئەمە درا بە یەکیتیو پارتی کە وەکو نسخەی سیناریۆی رەش بەسەر هەموو هیزەکانی سیناریۆی رەشدا تەخشانو پەخشان کراوەتەوە.

بە بروای من خالی بنەرەتی لەم دەستورەدا ئەوەیە کە، کوردستانی بە کردەوە سەربەخۆ، دەلکینیتەوە بە دەولەتی ناوەندیەوەو دەیگیریتەوە بۆ ژیرباری دەسەلاتیکی کۆنەپەرستانەی ئیسلامیو قەومیو نوقمی ئەو تیرۆریزمو سیناریۆ رەشەی دەکات کە بە جەنگی ئەمریکا عیراقی تیا نوقم کراوە.

**خەسرەو سایە: تالەبانی وبەرزانی لەچەندین بۆنەو کۆبوونەوەی رۆژنامەگەریدا، داوایان لەخەلکی کوردستان کردووە کەلەدەنگدانی داهاتوودا بەشداری بکەن و دەنگ بەدەستور بدەن.. وەك دوایین پرسیار ، دوای ئەو قسانەی کردتان ئیوە دەتانەوی لەسەر ئەم رەشنوسەو دەنگدان پێی چی بەخەلك بلین؟**

ریبوار ئەحمەد: هەموو میژووی حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیو سەرۆکەکانیان بریتی بوە لە بەندوبەستو ساتو سەودای ژیربەژیر بە مافو ئامانجەکانی خەلکی کوردستانەوە. جەلال تالەبانیو مسعود بارزانی لەم میژووەدا دەوری بەرجەستەو سەرەکییان گیراوە. مەسەلەی کوردو ستەمکیشی خەلکی کوردستانیان کردوە بە دەست مایەی ئەم ساتو سەودایە لەگەل هەموو هیزو دەولەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەو جیهان. بانگەوازەکانی ئیستاشیان بۆ داوا کردن لە خەلك، کە دەنگ بدەن بەم رەشنوسە فاشیانەیە، هیچ نیە جگە لە ساتو سەودایەکی تر بە مەسەلەی کوردو چارەنوسی خەلکی کوردستانەوە. ئەوان لەگەل کۆنەپەرستی ئیسلامیو ناسیونال شۆفینیزمی عەرەبدا دەستیان تیکەلکردوەو بەشی خۆیان وەرگرتووە، هەرچەندە لەم ریککەوتنەدا ئەم هیزانە هیچ متمانەیەکیان بەیەك نیە، بەلام یەکیتیو پارتی لە بەرامبەر ئەو ئیمتیازەی بە خۆیان براوە ئەرکی فریودانی خەلكو بەلاریدابردنی خەباتی خەلکی کوردستانیان لە ئەستۆ گرتووە. ئەرکی بەرگرتن لە هەولو خەباتی خەلکی کوردستان بۆ خواستی جیابونەوەیان خستوەتە سەرشانیان.

مسعود بارزانی ماوەیەك لەمەوبەر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامە نوسیدا ووتی "نایشارمەوە ئەوان -مەبەستی ئیسلامیو قەومیە عەرەبەکان بوو- ئیستاش بۆیان بکریت ئەنفالمان دەکەن". هەلبەت ئەم قسەیەی راست بوو، بەلام ئەوانەی کە دوای 14 سال جیایی کوردستان، خەلکەکەی بۆ ژیرباری دەسەلاتی ئەنفالچی راپیچ دەکەن، ئەوانەی کە لە پیناو مەرامو مەبەستی حەقیرانەی خۆیاندا ئەم خەلکە ستەمدیدەیە دەگیرنەوە بۆ ژیر رکیفی ئەنفالچیەکانو ناویشی دەنین "یەکیتی ئارەزوومەندانە" خەریکن گەورەترین تاوان دەرحەق بەم خەلکە ئەنجام دەدەن. تالەبانیو بارزانی زۆر بە چاکی نیازی پیسو فاشیانەی هیزە ئیسلامیو شۆفینیستەکانی عیراق بەرامبەر بە خەلکی کوردستان درك دەکەن، بەلام بۆ مەرامی کۆنەپەرستانەی خۆیان دەیانەوێ سەر لەخەلك بشیوینن و بە خەلکی بقەبلینن، ئەمە نرخی ئیمتیازەکانی خۆیانە.

بانگەوازی من ئەوەیە کە بە پیچەوانەی بانگەشەو پروپاگەندەکانی بارزانیو تالەبانیو ناسیونالیزمی کوردەوە، نەك هەر نابیت لەو ریفراندۆمە گالتەجارانەیەدا بەشداری بکریو دەنگ بە دەستوری فاشیانەی ئیسلامی- قەومی بدریت، نەك هەر نابیت دەنگ بە ئیلحاقی ئیجباری کوردستان بەو دەولەتە کۆنەپەرستو بەکریگراوەوە بدریت، بەلکو نابێ ریگابدریت ئەم گالتەجاری ریفراندۆمە سەربگریت. چونکە لە راستیدا دەنگی خەلك لەم جۆرە گالتەجاریەدا هیچ دەورو بایەخیکی نیە، هەرئەوەندەی ئەوان نمایشەکەیان بۆ سازبیتو خەلك بەرنە بەردەم صندوقی دەنگدان، ئیتر ئەوان هەر ئەو ئەنجامە لە صندوقەکان دەردەکیشن کە خۆیان پیشتر بریاریان لیداوە. بۆیە بانگەوازی من بۆ خەلکی کوردستان ئەوەیە کە بە تایبەت ئەوان زۆر زەرەرمەند دەبن لە داسەپاندنی ئەم دەستورە دارزیوەدا، بۆیە دەبێ لە ریزی پیشەوەی خەباتو نارەزایەتی بۆ ریسواکردنو ناکام کردنەوەی ئەم سیناریۆیە راوەستن، دەبێ کوردستان بکریتە سەنگەریکی گەرمو بەهیزی ناکام کردنەوەی نمایشی فەرزکردنی دەستور، شان بەشان لەگەل ملیونەها خەلکی ئازادیخوازو سکولارو متمدنی خەلکی عیراق، بۆ پوچەلکردنەوەی ئەم پیلانەو ئەم گالتەجاریە بە رەشنوسو ریفرادۆمیەوە، بینەمەیدان. ئەم رەشنوسە تەنها بۆ زیلدانی میژوو باشەو دەبێ فریدریتە ئەو جیگا شایستەیەی خۆیەوە. لە هەمانکاتدا ئەم دەورەی کە ئیستا بارزانیو تالەبانیو حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی دەیگیرن بۆ لە باربردنی خواستو خەباتی خەلکی کوردستان، بۆ لەباربردنی هەلومەرجیك کە بۆ دەستەبەربونی ئامانجەکانی خەلکی کوردستان رەخساوە، بۆ هەراج کردنی دەسکەوتەکانی خەلکی کوردستان، دەبی ببیتە بەلگەیەکی دیکە بۆ پەی بردنی زیاتر بە ماهیەتی بزووتنەوەی کوردایەتیو ناکۆکیەکان لەگەل ئازادیو پیشکەوتنخوازیو مافو ئامانجەکانی خەلكو داباڕانو تیپەراندنی یەکجاری ئەم بزوتنەویەو حیزبو سەرکردەکانی.